سەرنج: ئەم نوسینە لە لە لایەن نوسەرەکەیەوە چۆن بۆمان نێردراوە، وەک خۆی بڵاومان کردۆتەوە، ئێمە لە شێوازی نوسین و ڕێنووسەکەی بەرپرسیار نین.

# چیرۆکێکی ڕاست

## A True Story






نوسینیی: مارک تواین

وەرگێڕ: مستەفا رابەر

ئێوارەیەکی سەرەتای هاوین لەدەرەوەی ماڵ لەسایەی درەختێکی زل لە نزیک خانوی کێڵگەمان دانیشتبوین  پورە ڕایچل لەسەرکۆنە کورسیەک بەرامبەر منالەکانمان دانیشتبو ژنێکی رەشپێستی قەبەی بالا بەرزی تەمەن شەست سالەی بە شنگ و تاقەت.

بە هیزو توانا وەک ژنێکی تەمەن بیستوپێنج ساڵە ڕۆژانە پێوەمانماندوبو چێشتی بۆ لێدەناین ماڵی بۆ پاک دەکردینەوە ، حیکایەتی بۆ منالّەکان دەگێڕاوە گۆرانی بۆ دەگۆتن هەمیشە جەرگ سۆزو هێمن و ئارام بوو  زۆر حەزیشی لە نوکتەی خۆش دەکرد ئەو ئێوارەیە ئەوەندە بە نوکتەیەکی من پێکەنی فرمێسکەکانی بەخوڕ بە چاویا هاتنە خوار .

من لەکاتێکدا تەماشەی ئەو پیرژنە دڵخۆشەم دەکرد بیرم لە ڕابردۆی دەکردەوە ، پێم گۆت پورە ڕایچل پێم نالّیَ یت چۆن ئەو شەست سالّەی تەمەنت بیَ کێشەو ئازار گوزەراندوە؟

ژنە پێکەنینەکەی خنکاو کەمێک بێدەنگ بوو پاشان لەسەرەخۆ ڕوی بۆلای من وەرگێرا .

دەپرسی ئایا من لەژیانمدا کێشەو گرفتم هەبوە هیچ ئازارم بینیوە؟

گەورەم بەرێز کلیمانسۆ(+) وەلامی ئەم پرسیارەتان سەختە.

من لای خۆمەوە سەرم لەو دەنگ نوسانو پێکەنین وەستانەی ئەو سوڕما ، پێم گۆت باشە پورە ڕایچل من هەر گیز تۆم وا بەخەمباری نەبینیوە هەمیشە هەر شادو بەکەیف بویت .

بەرێز کلیمانسۆ گوێم لێبگرە با بەسەرهاتی خۆمت بۆ باس بکەم پاشان تۆش دەتوانی بڕیاری خۆت بدەیت

***

دایک و باکم کۆیلە بون منیش بەکۆیلەیی لە دایک بوم هەمومان کاری قوڕسمان لە زەوی و زار دەکرد بەلام کێلگەکە بۆ ئێمە شوێنێکی باش بوو .. خاوەنەکەمان ژنێکی خانەدان بو ناوی ئۆ هارا بوو  زۆریش بەتەمەن نەبوو. من شوم بە پیاوێک کرد ئەویش کۆیلەی خاتو ئۆ هارابو لە کێلگەکەیدا کاری دەکرد ، پیاوێکی ڕێکو بەهێز  بوو  جەرگ سۆزی من و هەر حەوت منالەکان بوو ،  وەک تۆ چۆنی بۆ ماڵ و مناڵ و خێزانەکەت ئەوێش بۆ ئێمە وابو ، ئێمە منالّەکانمان زۆر خۆش دەویست حەزمان دەکرد هەتا گەورە دەبن چاومان لیَیان بیت .

دەی باشە..  گەورەم من لە ڤیرجینیا لەدایک بوم بەلام دایکم خەڵکی ماریلاند بوو. هەرکاتی دایکم تورە بوایە لەگەلمان بەشەڕ دەهات قامکی بەڕوماندا ڕادەوەشاند و دەیگۆت من لە ڤیرجینیا لەدایک نەبوم ئێوە ئەوە نین ڕێ بەمن نیشان بدەن من یەکێکم لە پیرە مریشکە شینەکانی ماریلاند .. بیرتان نەچی  خەڵک  هەیە لە ماریلاند شانازی بەوە دەکەن بە پیرە مریشکە شینەکان بانگ بکرێن.
ڕۆژێکیان کوڕە بچوکەکەم خراپ بەربووە باسکی بریندار بو هەروها سەریشی شکا لەو کاتەدا زۆرێک لە کۆیلەکان گردبونەوە و رژانە ناو موبەقەکەمان ویستیان یارمەتی هەنڕی کوڕە بچوکەکەی من بدن ، تیماری بکەن دایکیشم بەهەلەداوان گەیشتە سەر روداوەکە کە قەرەبالغیەکەی بینی بەرویاندا قیژاندی هەموتان گوێ بگرن من لە ڤیرجینا لە دایک نەبوم من یەکێکم لە پیرە مریشکە شینەکانی ماریلاند دەی گشتتان  بڕۆنە دەرەوە کەسمان پێویست نیە من خۆم کچەزاکەی خۆم چارەسەر دەکەم .
دەی چاکە ..پاش ماوەیەک خاتو ئۆ هارا بانگمانی کرد ووتی من هەمو پارەپوڵی خۆمم لەدست داوە مایە پوج دەرهاتوم دەبی کێلگەو کۆیلەکانیشم بفرۆشم .
ئەوەبو ئێمەیان بەکۆتو زنجیرەوە بردە مەیدانی کۆیلە فرۆشانی ڕیچمۆند  لەبەر قرچەی گەرما ڕایان گرتین کۆمەلێک کڕیارو جامباز هاتن دەوریان داین تەماشایان دەکردین دەستیان لە شانو مڵمان دەکوتا سەیری دەم و دانیان دەکردین لەبەر ئەوەی باوکی منالەکانم پیاوێکی توندو تۆل بو هەر زوو فرۆشرا خاوەنە تازەکەی بە زنجیری دەستی ڕایکێشاو لە ناو ئاپۆڕەی خەڵک لەبەر چاومان وون بو پاشان یەک لەدوای یەک منالەکانم بەبەر چاومەوە فرۆشران منێش دەگریام دەستی کوڕە بچوکەکەم توند گرتبو کاتێ پیاوێکی پێست سپی دەستی راکێشا بە ڕویا قیژاندم هاوارم کرد ئەگەر بیکڕی دەتکوژم بەلام ئەو تێی هەڵدام ئەوکاتە هەنڕی بە هێواشی سەری لە بنا گوێم نا ووتی دایە خەمت نەبی من لەدەستی ڕادەکەم دەگەڕێمەوە لات ، دەتکڕم ئەو کاتە هەردوکمان ئازاد دەبین.
هەنڕی منالێکی ئێسک سوک و گوێ ڕایەل بو هەمیشە پەرۆشی ئێمەی بوو  یارمەتی من و باوکی ئەدا  بەلام حەیف من نەمتوانی بی پارێزم ، بەرگری لێ بکەم ئەوان بەزۆر لەمنیان دور خستەوە  هەوڵمدا بە زنجیرەکەی دەستم پەلاماری پیاوە پێست سپیەکەم دا بەلام هەنڕی بچکۆلەیان لە دەستم ڕاپسکاند و دوریان خستەوە  بەم جۆرە هاوسەرو حەوت منالەکەم رۆیشتن. دوا جار مستەر جیفرسن کە خەلکی کەنار دەریایە لە ڤیرجینیا منی کڕی. ئەو ڕۆژە لەوکریسمیسەی رابرد هەتا ئەمڕۆ دەکاتە 22  سالی تەواو.
چەند سالێک وەک چێشتکەری ماڵی جیفرسن کارم کرد پاشان شەڕی ناوخۆ هەڵگیرسا سەربازەکانی سوپای باشور گەیشتن دەستیان بەسەر خانو کێلگەو مال و مولکی خەڵک داگرت . مستەر جیفرسن شەوێک پێشتر بەرلەوەی سەبازەکان بگەن بەمال و خێزانەوە رایان کردو عەبدەکانی خۆیان بەجێهێشت . ئەفسەرەکانی یەکەی سوپاکە بەناو مال و خانوبەرەکان وەربون . یەکێکیان پێمی گۆت تۆ دەتوانی چێشتمان بۆ لێ بنێی یت ؟ لەولامدا ووتم بەڵی ئەمە کاری خۆمە دیاربو ئەفسەرەکە کەسێکی ئاسایی نەبو ئەفسەرێکی پلە بەرزبو ژەنڕال بو ووتی زۆر سوپاست دەکەم تۆ لەم ڕۆ بەدواوە خاوەن و سەرکاری ئەم چیشتخانەیت ئەگەر هەر گرفتێک هەبو یەکسەر وەرەلام ئێستا تۆ ئازادیت و لەگەل هاورێکانت دەژێت ئەو ئەفسەرانەش  پیاوی باش و ڕەوشت بەرزن.
ڕۆژێک هەندێک هەستم بە ئازایی خۆم کرد بڕیارم دا باسی هەنڕی کوڕەکەی خۆمیان بکەم بەمەزەندەی خۆم ووتم رەنگە لە دەست خاوەنەکەی خۆی ڕای کردبیت و خۆی گەیاندبیتە باکوڕ هەمو شتێکم بۆ ئەفسەرەکان باس کرد ئەوان بەڕێزەوە گوێ یان لێگرتم دوا جار ووتم ئێوە کوڕە بچوکەمتان نەدیوە ؟ لەسەر قۆلی شوێنەواری برینێک هەیە ، سەریشی نیشانەی شکانی پێوەیە . پاشان ژەنڕالەکە هەندێک نیگەرانی خۆی نیشان دا ، ووتی ڕایچل خان بۆ دواجار کەی بو لە کوڕەکەت دابڕایت؟  پێم گۆت 13 ساڵی تەواوە ژەنڕالەکە ووتی کەواتە منال نیە ئێستا گەورە بوە پێم گوت من هەرگیز بیرم لەوە نەکردوتەوە هەر بەچاوی ئەو ڕۆژە دێتە بەرچاوم بەلام تۆ ڕاست دەکەیت ئێستا تەمەنی بیست ساڵ دەبیت . بەداخەوە هیچ یەکێک لەو ئەفسەرانەی باکور شتێکیان دەربارەی هەنڕی یەکەی من نەدەزانی.
ئەوکات من بەهەوڵ و تەقەڵای هەنرێم نەزانی بوو ، کە لەدەست خاوەنەکەی ڕایکرد بو خۆی گەیاند بووە باکوڕ لەوێ سەرتاشخانەیەکی

بچوکی کردبوە رۆژیک لە دڵی خۆی گۆتبوی ئیتر واز لەم ژیانە ئاسانە دێنم دەبی بڕۆم بەدوای دایکم بگەڕێم ئەگەر نەمردبیت  هەر دەیدۆزمەوە. هەنڕی دەبیتە سەربازو لای هەندێ ئەفسەری یەکەیەکی سەربازی  کاری دەکرد ئەو لەگەل ئەفسەرەکان بۆ هەر شوێنێک رۆیشتبا چاوی لەپیرە دایکی دەگێڕا ، بەلام من هیچم لەگەڕان و کۆششی ئەو نەدەزانی.. چۆن بزانم.
پاشان شەوێک لە ماڵەکەی جیفرسن ئێمە ئاهەنگێکی گەورەمان بۆ سەربازە پێست ڕەشەکان ساز کرد ئیش و کارو ئەرکی ئەو ئاهەنگە

بەزۆری لەسەر ملّی من بوو . سەربازە لاوەکان هەمیشە برسی تینو بون بەدرێژایی ئەو شەوە سەمایان دەکرد دەنگیان دەهات ، کاتێکی خۆشیان بەسەر برد.

لەناو سەربازەکان لاوێکی ڕەش پێست لە هەمویان قۆزترو جواتر هەبوو لەگەل کچێکی شۆخ و شەنگ لە هۆلەکە سەمایان دەکرد هەمو لایەک تەماشای دیمەنی دلّگیری ئەوانیان دەکرد کاتێ هەندێک لەمن نزیک بونەوە لاوە جوانەکە سلاوێکی لەمن کرد و پێمی گۆت کلاوە سورەکەت زۆر قەشەنگە ، منێش یەکسەر پێم گۆت بێدەنگ بە لەگەل ئەو کچە شۆخە سەمای خۆت بکە، هەستم کرد کوڕەکە بۆ ماوەی چەند چرکەیەک ڕەنگو ڕوخساری گۆڕا پاشان گەڕاوە پالّ ئەوانەی سەمایان دەکرد.

سەر لەئێوارەی هەمان ڕۆژ کۆمەلّە سەربازێکی تر گەیشتن  مالەکە  زۆر پڕ بوو منیش لێ یان تورە بوم هاوارم کرد هەموتان گوێ بگرن دەمەوێ هەندێ شتتان پێ بلێم ئێوە کاتێکی خۆشتان بەسەر برد بەلام من لێتان تورەم هەمو خۆراکی چێشتخانەکەی منتان خوارد  شوێنە کەتان پیس و پۆخل کرد ، لەبیرتان نەچیت من یەکێکم لە پیرە مریشکە شینەکانی ماریلاند.  ئیتر ئاهەنگەکە بەرە و کۆتایی دەهات لاوە شۆخەکە لە سەماکردن وەستا لەپەنجەرەکەوە سەیرێکی دەرەوەی کرد نازانم سەیری چی دەکرد ؟ من زۆر سەرقالّ بوم ئاگام لەو نەما !!

سەرلەبەیانی ڕۆژی پاشتر کاتژمێر حەوتی سەرلەبەیانی قاوەم لێدەنا هێلکەو ڕۆنم بۆ ئەفسەرەکان دەکرد لەپڕ لاوە ڕەش پێستەکە لە پەنجەرەکەوە دەرکەوت منیش ماوەیەکی درێژ تێر سەیری دەم و چاویم کرد هێلکەو رونەکەم لەسەئاگر سوتا   جولەم نەکرد چونکە هەستێک دامی گرد ، دەستی لاوەکم گرت چاوم بە کۆنە برینەکەی سەرقۆلی کەوت ، قژی سەریم هەلّداوە جێی کۆنە شکانەکەیم بینی ، قیژاندم کوڕە وەرە تۆ هەنڕی یە جوانەکەی خۆمی !! ئۆخەی جارێکیتر تۆم دەسکەوتەوە..

نەخێر ئێستا زانیت. مستەر کلیمانس (+) من هیچ کێشەیەکم نەبوە هەروەها هیچ خۆشی و بەختیاریەکیش.

---

(+) تەنزنوس و ڕۆمان نوسی بەناو بانگی ڕوژئاوای ئەمریکا مارک تواین کە ناوی راستی سامۆئیل لانگهۆرن کلیمانسە لە نۆڤەمبەری سالی 1835 لە شاری هانیپال لە ویلایەتی میزیوری لە دایک بووە لە سالی 1910 کۆچی دوایی کردووە لە ووتە بەناوبانگەکانی:

*جەنگ بریتیە لە کوشتنی کۆمەلە کەسێکی نامۆ ، یان نەناسراو کە هەست بە هیچ دوژمنایەتیەک ناکەیت بەرامبەریان ڕەنگە ئەگەر لە ڕەوشێکی تر ڕوبەڕویان ببیتەوە یارمەتیت بدەن یان داوای یارمەتیان لێبکەیت.

* ئەگەر مردوەکان قسەیان بکردایە مێژو ئاوا نەدەبوە کۆمەلّە درۆیەکی پڕوپوچ.

* درۆ نیوەی دونیا دەگەڕێ هەتا ڕاستی پێلاوەکانی لە پێدەکات.